ڕێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووهەم- ژمارە ٤١٢-نیوەی ئە وە لی خەزەڵوەر ١٣٩٩-نۆڤامبر٢٠٢٠

## ڕۆژی کۆبانی، وەبیرهێنەرەوەی خۆڕاگریی سەرکەوتووانەی جەماوەری یەکگرتوو

ل١١



## گرانی و کەمبوونی دەرمان لە ئێران و هۆکارە کانی

ل٥



## کۆتایی گەمارۆی چەکوچۆڵ، "مزگێنی" ڕووحانی بۆ خەڵک


ل٦



## وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی موعەلیم

ل٣




## ڕۆژی خوێندکاران، بە ڕەوایەتی شۆڕش و دژە شۆڕش

ل٧

## بارودۆخی سیاسی و داهاتووی ڕەوتی چەپ لە کوردستان

**وتوێژی ئیبراهیم عەلیزادە**
**لە رادیو دیالوگ**

بەشی دووهەم لە ووتوێژی ١



## منداڵان و قەیرانی کۆرۆنا

ل٢

سەروتار

## پێویستیی بەهێز کردنی هاوپشتیی جه ماور

ئاماری تووش بووانی نەخۆشیی کۆویدی ١٩ و ئاماری گیان بەخت کردووانی ئەم نەخۆشییە لە ئێران، بە خێرایی، ڕوو لە زیاد بوونە. وەزارەتی تەندرووستیی ڕژیم ڕایگەیاند کە: لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٢٧٢ کەس بەهۆی تووش بوون بە نەخۆشیی کۆرۆنا، گیانیان لەدەست داوە. بە پێی ئەم ئامارە، ئەوە بانترین ئاستی ڕێژەی مەرگی کۆرۆنایە لە یەك ڕۆژدا، لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیەوە لە ئێران. بە پێی ڕاگەیەندراوی ڕەسمیی دەوڵەت، ژمارەی گیان بەخت کردووانی کۆرۆنا لە ئێران، گەیشتووەتە ٢٨ هەزار و ٨١٦ کەس. بە وتەی وتەبێژی وەزارەتی تەندرووستیی ڕژیم، ٤ هەزار و ٢٠٦ حاڵەتی نوێی تووش بوون بە نەخۆشیی کۆرۆنا شناسایی کراوە، کە کۆی گشتیی تووش بووانی لە ئێران گەیاندووەتە ٥٠٤ هەزار و ٢٨١ کەس. هەروەها بە پێی هەر ئەم ڕاپۆرتانە، لە ئێستادا، ٤ هەزار و ٥٣٣ کەس لە باروودۆخی نالەباری ئەم نەخۆشیە دان و ٢ هەزار و ٦٣ کەسیش لە ژێر چاوەدێریی پزیشکی دان.

وەك هەمیشە کۆماری ئیسلامی لە دانی ئاماری واقعی تووش بووان و گیان بەخت کردووان، خۆی دەبوێرێ. هەر ئەم زانیاریە ناڕاستانە، خۆی یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم ویرووسەن. لێکدانەوەی کارناسانی نێونەتەوەیی کە هەواڵنێریی بی بی سی بڵاوی کردووەتەوە، نیشانی دەدات کە ئاماری ڕاستەقینە، لانیکەم ٣ بەرابەری ئاماری ڕەسمییە. لێکدانەوە مەیدانییەکان لە ناوخۆی وڵاتیش، کە بە شێوەی نهێنی دزە دەکاتە دەرەوە، پانتایی ئەم کارەساتە یەکجار بەربڵاوتر لەم ئامارانە دەزانێ. لە ئێستادا، کەم و زۆر، هەموو ئۆستانەکانی ئێران لە باروودۆخی سووردا بەسەر دەبەن و هیچ سیاسەت یان هەڵوێستێکی دیاریکراو بۆ هێور کردنەوەی خێرایی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیە لە ئارا دا نییە.

یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی خێرای کۆرۆنا، بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی عەزاداریی مانگی موحەڕەم بوو. ڕووحانی و کارگێڕانی دەوڵەتی، بەو بەوپەڕی بێشەرمییەوە باسیان لە زەروورەتی بەشداریی خەڵك لەم ڕێوڕەسمانەدا دەکرد و ڕێگایان بۆ ڕۆوزەخوێن و مەداح و ئاخوندەکان کردەوە تا دواکەوتووانە و نابەرپرسانە، خەڵك بەرەو بەشداری لەم ڕێوڕەسمانە ڕابکێشن و بەستێنی بڵاوبوونەوەی دووبارەی ئەم ویرووسە ئامادە بکەن. ئەگەر پێشتر، سەرەڕای هۆشداری بەردەوامی کارناسان، ڕووحانی و باقی کارگێڕانی ڕژیم، خەڵکیان بەرەو بەشداری کردن لە ڕێوڕەسمی عەزاداریی مانگی موحەڕەم هان دەدا و بەهۆیەوە شەپۆلی نوێی کۆرۆنا، ئێرانی تەنییەوە، لە ئێستادا فریوکارانە باس لە هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەکانی ئەربەعینی حسێنی دەکەن.

ئەزموونی هەموو جیهان نیشانی داوە کە دوو بنەمای سەرەکیی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، دابین کردنی کەرەستەی تەندرووستی و قەرەنتینە و ڕەچاوکردنی مەودادانانی کۆمەڵایەتیە. کۆماری ئیسلامی حازر نییە هەزینەی دابین کردنی ئەم دوو بنەمایە دابین بکات. کەوابوو ئەوەیکە دەمێنێتەوە، سەرلێشێواوی و ناکارامە بوون لە بەکار هێنانی ئیمکاناتی بەردەستە. کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە حازر نییە هەزینەی تایبەت بۆ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشییەکە بخاتە گەڕ و چارەسەری هەموو گرفتەکانی سەرچاوەگرتوو لەم نەخۆشییەی خستووەتە سەرشانی خەڵك خۆیان و لە لایەکی دیکەشەوە، بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی موحەڕەم و چاوپۆشی لە بەشداریی خەڵك لە شوێنە ئایینی و گشتیەکان، بەکردەوە، ڕەوتی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییەی خێراتر کردووە.

بەڵام گرتنەبەری ئەم شێوازانە و هەڵسووکەوتی ناتەبای ناوەندە دەوڵەتییەکان لە پەیوەند لەگەڵ ویرووسی کۆرۆنا، بێ هۆکار نییە. لە ڕاستیدا کۆماری ئسیلامی وەك دەرفەتێك چاو لە کۆرۆنا دەکات.

لێرەشدا بەتەمایە، ئەم باروودۆخە، خەڵك ماندوو و بێ هێوا کات و بە شوێن ڕێگاچارەی تاکەکەسیدا بگەڕێن، تا بە شێوەی کاتیش بێت، مەترسیی سەرهەڵدانی ئاخێزە جەماوەرییەکان لەخۆی دوور بخاتەوە.

دریژە ی ل٢

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٢-نیوەی ئە وە لی خەزەڵوەر ١٣٩٩-نۆڤامبر٢٠٢٠

## دریژە ی : پێویستیی بەهێز کردنی هاوپشتیی جە ماور

لە وەها بارووددۆخێکی دژواردا، تەنیا هاوپشتیی نێوان مرۆڤەکان لە پێناو خەبات لەگەڵ ئەم ڕژیمە و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەم ویرووسە و یارمەتی دانی تووش بووان، دەتوانێ ڕێگاچارە بێت. لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا دیتمان کە چلۆن پزیشکان، پەرستاران و باقیی پێرسۆنێلەکانی نەخۆشخانە و دەرمانگاکان لە حاڵێکدا کە بەردەوام مەترسیی تووش بوون بەم نەخۆشیە هەڕەشەی لێدەکردن، شەو و ڕۆژی، خەریکی دەرمان کردنی نەخۆشەکان بوون و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕێنوێنیی پێویستییان بە خەڵك دەدا و هاوکات نارەزایەتی و مانگرتنەکان لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، دەستیان پێکردەوە. لە ئێستاشدا خەڵك دەبێ خۆیان دەست بەکار بن و بێنە مەیدانی نەبەردی هاوکات لەگەڵ ڕژیم و ویرووسی کۆرۆنا. ئێمە، زۆر جار، لە جەرەیانی نارەزایەتیەکان و ئاخێزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، لەسەر گرینگیی پێکهێنانی کۆمیتەی گەڕەکەکان بۆ ڕێکخستنی هەوڵی بەکۆمەڵ لەپێناو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەڵاکانی وەك ویرووسی کۆرۆنا و هەر مەترسیەکی دیکە لەوانە پووچەڵ کردنەوەی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕژیم، تەئکیدمان کردووە. ئەمڕۆ پتر لە هەموو کاتێك، پێکهێنانی وەها کۆمیتەگەلێك بووەتە بابەتێکی گرینگی ڕۆژ. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنای، کردووەتە دەرفەتێك بۆ درێژەی مانەوەی دەسەڵاتەکەی، ڕێکخستنی مەحەلی و بەهێز کردنی هاوپشتیی جەماوەری بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵی، سرووشتی ترین کردەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێ. ئەم کۆمیتانە دەرفەت پەیدا دەکەن تا زەرفی سرووشتی بۆ چالاکییەکانی خۆیان بدۆزوە. ئەوان دەتوانن لە هەموو بوارەکاندا، توانای جەماوەری گەڕەکەکان بگرنە دەست و یارمەتیی هەموو ئەو کەسانە بدەن کە تووشی ئەم نەخۆشیە هاتوون و یان مەترسیی تووش بوونیان لەسەرە. با کۆماری ئیسلامی چەند ساتێکی دیکەش درێژە بە تەمەنی نگریسی خۆی بدات و لەم ڕۆژگارە دژوارەدا، سەروەتە کەڵەکەکراوەکان، کە بەرهەمی ڕەنج و کاری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشن، لە ژیان و تەندروستیی خەڵك دەریغ بکات. بێگومان، ئەم ڕۆژانە تێپەڕ دەبن و کرێکاران و جەماوەری بێبەش و ستەملێکراوی ئێران، بە ئەزموونی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆرۆنا، لە ئاست ئەو خەباتە چارەنووس سازەی کە بەرەوڕوویانە، وشیارتر دەبن.

***

# منداڵان و قەیرانی کۆرۆنا

لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نیشانی داوە کە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنادا، بەهۆی ئەو گوشارانەی کە کەوتووەتە سەر ژیانی بنەماڵە هەژارەکان، ئاستی کاری منداڵان یەکجار زیادی کردووە. بە پێی ئەم لێکۆڵینەوانە، بەر لە گشت گیر بوونی کۆرۆنا لە ئاستی جیهاندا، نزیك ١٥٢ ملیۆن منداڵی کار بوونی هەبووە کە ٧٣ ملیۆنیان خەریکی ئەنجام دانی کاری پڕمەترسی بوون. بەڵام لە ئێستادا باس لەوە دەکرێ کە ژمارەی منداڵانی کار لە ئاستی جیهاندا گەیشتبێتە نزیك بە ٣٠٠ ملیۆن کەس. ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەرچی دڵتەزێن و تەکاندەرن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بۆ تێگەیشتن لە پانتایی ڕاستەقینەی ئەم کارەساتە، جێگای متمانە نین. لەبەر ئەوەیکە لێکۆڵینەوە لەم بوارانەدا، پشت بەو ئامار و زانیاریانە دەبەستێ کە لە لایەن دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەوە ئامادە کراوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی یەکێك لەو ڕژیمانەیە کە ژمارەی منداڵانی کاری لە ئێران، نزیك بە ٣ ملیۆن منداڵ، ڕاگەیاندووە. ئەم ئامارەش بە پێی کارگە چکۆلەکان ئامادە کراوە کە تێیاندا منداڵان بە شێوەی بەرین کارییان پێدەکرێ. بەڵام ئامارە نارەسمیەکان بە لەبەرچاوگرتنی منداڵانی کاری سەرشەقامەکان، دێپۆکانی جیاکردنەوەی زبڵ و هیتر، باس لە بوونی پتر لە ٧ ملیۆن منداڵی کار لە ئێران دەکەن. ئامادەکارانی لێکۆڵینەوەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێن:

"ئەو نیگەرانییە لە ئارادایە کە دژوارییە ئابوورییەکانی سەرچاوەگرتوو لە بڵاوبوونەوەی ویرووسی کۆرۆنا، گوشار بخاتە سەر دەوڵەتەکان بۆ ئەوەیکە پێداچوونەوە بەسەر یاساکانی ڕێگری لە کاری منداڵان بکەن و یان وایان لێبکات کە لە بەکردەوە دەرهێنانی ئەم یاسایانەدا، کەمتەرخەمی بکەن". با سەرەنج بدەینە نموویەك لە "دەرکی ئەم نیگەرانییە" و وڵامدانەوەی لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە:

"سەید مالك حسێنی" سەرپەرستی ڕێکخراوی خزمەتگوزاریی شارەداریی تاران، وێڕای دان پێدانان بەوەیکە لە تاران ٥٠٠ چاڵ و گاراژی دێپۆی زبڵ بوونی هەیە کە تێیاندا منداڵان خەریکی جیاکردنەوەی زبڵن، باس لە "دڵاوالەیی" شارەداریی دەکات و بەو پەری بێشەرمییەوە دەڵێ: "بە شێوەی ڕەندۆم لە چاڵەکانی زبڵگەڕیدا خواردەمەنی بڵاو دەکرێتەوە، کە ڕۆژانە لە ٢٠٠ ژەمەوە دەست پێدەکات و جاری واشە تا ٧٠٠ ژەم خۆراکی گەرم بڵاو دەکرێتەوە. ئەم گاڵتەجارییەی کە ئەم بەرپرسەی شارەداریی تاران بە "شانازی"یەوە باسی لێدەکات، لە حاڵێکدایە کە تەنانەت ئامارە دەوڵەتییەکان باس لە بوونی ١٤ هەزار منداڵ لە تاران دەکەن کە خەریکی جیاکردنەوەی زبڵن. زۆربەی ئەم منداڵانە بە جلی فۆرم و بە شێوەی ڕەسمی، بە بێ بایەخ دان بە ئیمزای پەیماننامە جیهانییەکان لە بواری ڕێگری لە کاری منداڵان، لە خزمەت شیرکەتەکانی ژێرلقی شارەداریی دان و خەریکی کاری جیاکردنەوەی زبڵن. هەر ئەم بەرپرسەی شارەداریی تاران لە درێژەدا دەڵێ: "هەڵبەت پێڕاگەیشتن بە هەموویان، بەو بوودجەیەی ئێستا، کارێکی دژوارە، لەبەر ئەوەیکە ئێمە بوودجەیەکی دیاریکراو و سنووردارمان هەیە کە بۆ بەرنامەی دەستووریی وەك دابین کردن و پاراستنی ژێرخان و کاری لەمجۆرە هەزینە دەکرێت".

ئیلنا، هەواڵنێریی کاری ئێران، لەم دوایانەدا، ڕاپۆرتێکی لە شاری زاهێدان، سەبارەت بە کاری منداڵان ئامادە کردووە. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە: "شاری زاهێدان پڕە لەو منداڵانەی کە لەسەر چوارڕاکان فاڵ دەفرۆشن، یان شووشەی ماشێنەکان خاوێن دەکەنەوە، لە پەنا ئەو بەناو پیشانەوە، بێنزین فرۆشیش هەیە. هێندێك لە منداڵان بێنزین لە دەبەی چکۆلە دەکەن و لە دەکەی سەر شەقامەکان بە مشتەریەکانی دەفرۆشن و یان هێندێکیان لەگەڵ ماشێنە "بێنزین کێش"ەکان دەڕۆن و لە نزیکیی سنوورەکان، دادەبزن و لە گواستنەوەی گاڵۆنەکانی بێنزین بۆ ئەوبەری سنوور، یارمەتییان دەدەن. "منداڵێك کە چەند دەبەی بێنزین پێیە و دانیشتووە و چاوەڕوانی مشتەرییە، بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە دەڵێ: "باوکی کرێکاری دەمێکە بێکار بووە و خانەنشینە. دایکی بۆ خەڵکی گەڕەکی باباییانی زاهێدان خەیاتی دەکات. شەنبە دەڵێ: کۆرۆنا زۆر خراپە، هەموو شتێکی تێك داوە، تەنانەت کاری خەیاتیەکەی دایکیشم".

بەسەرهاتی منداڵانی کۆڵبەری کوردستان، لەوەش دڵتەزێنترە. با سەرەنج بدەینە ڕاپۆرتێکی هەواڵنێریی هێرانا کە خۆی مشتی نموونەی خەرواره و دەرخەری بارووددۆخی ڕاستەقینەی زاڵە. "کوڕێك بە قژی کاڵەوە کە بۆ لایەك لایداوە، بار لەسەر شان، لە نێو بەفرەکەدا لاخێز دانیشتووە و دەستی بە دەوری ئەژنۆیەوە گرێ داوە و شەرمێونانە چاو لە کامێراکە دەکات. شاڵێکی نەزۆر ئەستووری لە دەوری گەردنی هاڵاندووە و هەتاوی کزی زستانیش لایەکی ڕوخساری ڕووناك کردووە. ناوت چییە؟ عەلی. دەرس دەخوێنی؟ نا. بۆچی کۆڵبەری دەکەی؟ بۆ خەرجی. ئاماژەی بە بارەکەی سەرشانی کرد. ژیان و دەرس و کار بۆ عەلی، لەو کۆڵە قورسە تەلیس پێچەدا، کۆ بووەتەوە. ئەو تەمەنی تەنیا ١٥ ساڵە".

منداڵان نابێ لە خوێندن بێبەری بکرێن. ژیان و ڕیفاهی منداڵان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی بارووددۆخی بنەماڵە، پێویستە لە لایەن دەوڵەتەوە زەمانەت بکرێ. دەوڵەت، ئەرکی سەر شانییەتی کە ستانداردێکی دیاریکراو لە خۆشبژێوی و کەرەستەی گەشەی ماددی و مەعنەویی منداڵان و تازەلاوان، لە باڵاترین ئاستی خۆیدا، زەمانەت بکات. یارمەتیی ماڵیی پێویست و خزمەتگوزاریی بێبەرامبەری پزیشکی و فێرکاری و کلتووری، بۆ دابین کردنی ستانداردی ژیانی منداڵان و تازەلاوان، بە بێ سەرەنجدان بە وەزعییەتی بنەماڵە، پێویستە بخرێتە گەڕ و بابەتی فێرکردنی بێبەرامبەر و ئیجباری تا تەمەنی ١٨ ساڵ دابین بکرێ. کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ، پێویستە ڕابگیرێ و نابێ ڕێگە بدرێ کە جەستە و دەروونی منداڵان لەژێر کاری پیشەییدا زایە بێت. دەستڕاگەیشتن بەمجۆرە خواستانە، تەنیا دەتوانێ بەرهەمی خەباتی یەکگرتووانە، سەرتاسەری و ڕێکخراوی کرێکاران و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بێت.

***





پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٢-نیوەی ئە وە لی خەزەڵوەر ١٣٩٩-نۆڤامبر٢٠٢٠

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی موعەلیم




دووشەممە ٥ی ئۆکتۆبر، بەرابەر لەگەڵ ١٤ی مانگی ڕەزبەر، ڕۆژی جیهانیی موعەلیمە. ئەمڕۆژە لە ساڵی ١٩٩٤ی زایینیدا لە لایەن ڕێکخراوی زانستی، کلتووری و پەروەردەیی سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ ) و ڕێکخراوی جیهانیی کار(ئای ئێڵ ئۆ)، وەك ڕۆژی جیهانیی موعەلیم ناودێر کرا. ئامانجی دیاری کردنی وەها ڕۆژێك "پێزانین و بایەخ دان بە موعەلیمان و تاوتوێ کردنی کێشەکانیان، لە سەرتاسەری جیهان" ڕاگەیەندرا.

لە ئێران ڕۆژی ١٢ی مانگی گوڵان، ڕۆژی موعەلیم، ناودێر کراوە. لە ڕوانگەی موعەلیمانی خەباتکارەوە، ئەو ڕۆژە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی ئەبۆلحەسەن خانعەلی دیاری کراوە. واتە موعەلیمێکی ٢٩ ساڵەی دەرسی فەلسەفە و زمانی عەرەبی کە لە ڕۆژی ١٢ی مانگی گوڵانی ١٣٤٠ی هەتاویدا، لە لایەن سەرۆکی کەڵانتەریی بەهارستانەوە تەقەی لێکرا و گیانی بەخت کرد. لەو ڕۆژەدا هەزاران موعەلیم لە نارەزایەتی بە کەم بوونی حقووقەکانیان لە بەرامبەر "مەجلیسی شۆرای میللی"، دەستیان دابووە کۆبوونەوە. بەڵام لە ڕوانگەی ڕژیمەوە، بۆنەی ڕۆژی ئێرانیی موعەلیم، بۆ تیرۆری مۆرتەزا موتەهەری، ئاخوندی ئیدێئۆلۆگی ڕژیمی ئیسلامی دەگەڕێتەوە کە لە ڕۆژی ١١ی گوڵانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە دەستی گرووپی فرقان لە تاران تیرۆر کرا و هەواڵی مەرگی پاش یەك ڕۆژ ڕاگەیەندرا.

بە پێی ئامارەکانی "یونسکۆ" یەك سێهەمی موعەلیمان لە ئاست جیهاندا لە ژێر هێڵی هەژاریدا، ژیان بەسەر دەبەن. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە سەرمایەداران، زانست، وەك کاڵا دەفرۆشن و لە زەحمەتی موعەلیمانەوە، سوودی کەڵان دەخەنە گیرفانیانەوە. ڕۆژی جیهانیی موعەلیم بۆ کرێکارانی وشیار، وەبیرهێنەرەوەی هەموو ئەو بێ مافیانەیە کە بەسەر گشت زەحمەتکێشانی کۆمەڵگادا سەپاوە، ڕێز گرتن لە خەباتی ئەوانە دژبەم بێ مافیانە و هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکانی ئەوان و زەروورەتی دیفاع لە خواستەکانیانە.

لەو جێگەوە کە یەکەمین چەخماخەکانی بیر کردنەوە، لە مەدرسەکانەوە لێدەدرێ و دەپشکوێ، جیهان، ئەمڕۆ، پتر لە هەموو کاتێك، پێویستی بە موعەلمانی شارەزا، بارهاتووی حەوزەی دژە ئاسوودە خەیاڵ، بێ دڵەڕاوکێ و ئینسان میحوەر هەیە. بەڵام ئایا لە ئێران، حورمەت و کەرامەتی موعەلیم، ئەوجۆرەی کە شیاوە، دەپارێزرێ؟ ئایا موعەلیمان، کە لە توێژە زەحمەتکێشەکانی ناو کۆمەڵگان، وەها بایەخێکیان پێدەدرێ کە نیگەرانی پێداویستیە ماددیەکانیان نەبن و بە بێ خەم، خەریکی بردنەسەرەوەی ئاستی زانست و تێگەیشتنی خۆیان بن؟ حەقیقەتی ژیانی ڕۆژانەی موعەلیمان، ئەوەمان پێدەڵێ کە زۆربەیان، پتر لەوەیکە بیر لە بردنەسەرەوەی زانست و شارەزایی خۆیان بکەنەوە، بەناچار، بیر لە دیتنەوەی کاری دووهەم و سێهەم دەکەنەوە. پتر لە سێ چوارەمی موعەلیمانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاری دان و باقیەکەشیان بە پیشەی دووهەم و سێهەم و داهاتی هاوسەرەکانیان، خۆیان لە ژێر هێڵی هەژاری دەرباز کردووە. لە پەنا ئەو دەستەیە لە موعەلیمانی زەحمەتکێش، کۆمەڵێك سیخوڕ و خەباتکار، ڕەخنەکردنی عیلمیە، حزووریان هەیە کە بەرپرسی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی دژە کلتووری و سووکایەتیەکانی ڕژیمن لە ناوەندەکانی فێرکردندا. بارووددۆخی بژێوی موعەلیمانی خانەنشینکراو یەکجار دڵتەزێنترە. موعەلمانی خانەنشینکراو، کە تەمەنی لاوی و نێوانساڵیی خۆیان، خستووەتە خزمەت بابەتی پەروەردە و بارهێنانی ئەم وڵاتە و لەم ڕێگایەدا هەمووجۆر دژوارییەکییان تەحەمول کردووە، لە کاتی بەساڵاچوویی و پیریدا، لە جیات بەهرەمەند بوون لە ئاسایش و ئاسوودەیی، لەوپەڕی دەستکورتی و هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن.

بەڵام کێشەی ژیانی ئەم بەشە هەژارەی کۆمەڵگا، تەنیا ئەوە نییە کە لە ژیانێکی شیاو، بەهرەمەند نین، بەڵکوو ئەوان ناچار دەکرێن کە پەرەپێدەری پەروەردە و بارهێنانێك بن کە بەتەواو مانا، ئاوێتەی خورافە و کۆنەپەرستییە. یەکێك لە ئازارە گەورەکانی موعەلیمانی شەریف و ئایین لە بابەتی پەروەردە و بارهێنان دایە. موعەلیمانی ئێران مەحکوومن بەوەیکە لە نزیکەوە شایەدی بەڕێوەچوونی گەڵاڵەی کۆنەپەرستانەی ڕژیم لە ناوەندەکانی فێرکردن، لەوانە هەڵاواردنی ڕەگەزی، ناردنی خوێندکاران بۆ بینینی بەرەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق، لەژێرناوی کاروانی ڕاهیانی نوور و هێتر بن. وەها بارووددۆخێکە کە جەستەی موعەلیمان ماندوو و شەکەت و دەروونیشیان پەرێشان و پڕ لە ئازار دەکات.

موعەلیمانی زەحمەتکێش و بێبەشی ئێران، ئەو مرۆڤە شەریفانەن کە خواستی عادڵانەیان هەیە و شیاوی بەربڵاوترین و پەیگیرترین پشتیوانین. کۆماری ئیسلامی لەجیات پێڕاگەیشتن بە خواستە ڕەواکانیان، بە زیندانی کردن و دەرکردنیان، وڵامییان دەداتەوە. هەر ئێستا، دەیان موعەلیمی خەباتکار لەوانە ٤ ڕێبەری ناوەندی سەرتاسەریی موعەلیمان، لە زیندانەکانی ڕژیمدا بەند کراون.

بەڵام سەرەڕای هەموو گوشار و سەرکوتگەریەك، خەباتی موعەلمیان بۆ گەیشتن بە خواستی ڕەوا و عادڵانەیان و بۆ ئازادیی هاوکارانییان، بێ وەستان درێژەی بووە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، بزووتنەوەی موعەلیمان و فەرهەنگیانی ئێران، لەسەر میحوەری خواستەکانی وەك ئازادیی موعەلیمانی بەندکراو، هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی خسووسی سازیی ئامووزش و پەروەرش، ڕەسمی بوونی موعەلیمانی حەقولتەدریسی، پێش سەرەتایی و شیرکەتی کە بە واستەی شیرکەتە پەیمانکاریەکان بۆ ئامووزش و پەروەرش کار دەکەن، بردنەسەرەوەی حەقدەستەکان، دانی حەقدەستە دواخراوەکان، ئازادیی ڕێکخراو و چالاکیی پیشەیی، لە ئاستێکی جەماوەری و بەریندا درێژەی بووە. دەستبەسەرکردن، دەرکردن، بەربەستنانەوەی پیشەیی و هیتر، موعەلیمانی چاوترسێن نەکردووە و بەری بە پەیگیر کردنی خواستەکانیان نەگرتووە.

پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی موعەلیم لە هەموو موعەلیمانی خەباتکار و زەحمەتکێش و دڵسۆز دەکەین و دڵنیاین کە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی موعەلیمانی ئێران، لە ڕیزێکی یەکگرتوودا، هاوڕێ لەگەڵ هەموو زەحمەتکێشان و بێبەشان و ستەملێکراوانی ئەم کۆمەڵگایە، سەرەنجام بارگە و بنەی ڕژیمی کۆنەپەرست و دژە مرۆیی کۆماری ئیسلامی تێکەوەدەپێچن.

***

# شەللاق خواردن و زەجر کێشانی ئینسانەکان بۆ سەیر کردن نابێ



لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هەواڵی دوو نموونە لە جەنایاتی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی، کە لە دوو شاری ئێران ، واتە لە ئابادان و مەشهەد ئەنجام دران ، بە یارمەتیی ئامرازەکانی پەیوەندیی گشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، لە ماوەیەکی کورتدا، ئێران و جیهانی داگرت. ئەم دوو نموونەیە بەهۆی نیشان دانی توندوتیژیی دژە مرۆیی، بیروڕای گشتیی، یەکجار خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو گرتە ویدیۆیەك بڵاوبۆوە کە تێیدا وێنەی ڕۆخساری خوێناویی ژنێکی لاو دەرکەوتبوو کە چەند کەس دەوریان گرتووە و دەیدەنە بەر لێدان و توندوتیژیی فیزیکی و مەئموورێکی ڕژیم هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە پۆتینەکانی لەسەر سینگی داناوە، بە دەستەکانی جەستەی کچە بریندارەکە دەپشکنێ. فیلمی ئەم ڕووداوە لە ماوەیەکی کورتدا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تەنییەوە. ئەم گرتە ویدیۆیە یەکەم جار لە لایەن هەواڵنێریەکی خووزستانییەوە بڵاو کرایەوە. دەزگا ئەمنییەکان لە یەکەمین هەوڵی خۆیاندا، هەواڵنێری ئامادەکاری ئەم فیلمەیان بە تۆمەتی "زامدار کردنی هەستی گشتی"، دەستبەسەر کرد.

هاوکات دادستانی ئابادان لە وتووێژێکدا، بە درۆ پێناسە کردنی ڕۆڵی پۆلیس، هەوڵی دا کە ئەم ڕووداوە تا ئاستی ناکۆکییەکی کاری و بنەماڵەیی بێنێتە خوارێ. بەڵام کاردانەوەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئاست شاری ئابادانداا ئەوەندە بەرین بوو و وردەکاریی ڕووداوەکە، بە ڕەوایەتی وێنە، ئەوەندە ڕوون و حاشاهەڵنەگر بوو کە "محەممەد جەعفەر مۆنتەزێری" دادستانی گشتی بەڵێنی دا کە هەرچی زووتر پەیگیری ئەم ڕووداوە دەبێت. ئیبراهیمی ڕەئیسی، سەرۆکی دەزگای قەزاییش، وێڕای هەڵبەستنی چەند درۆیەك سەبارەت بە بەدواداچوونی ڕووداوەکە لە لایەن دەزگای قەزاییەوە، هۆشداری بە چاپەمەنیەکاندا کە بە گەورە کردنەوەی ئەم نموونانە، سیمای پۆلیس لکەدار نەکەن! بەڵام ئەم ماجەرایە لێرەدا تەواو نەبوو، ژنێکی لاو، بە دەمووچاوی شاراوە، کە ئیدیعا دەکەن کە هەمان کچە ئازار دیتووەکەیە، لەگەڵ باوکی دێننە تێلێویزیۆنێکی دەوڵەتی و بە پێی مێتۆدی هەمیشەیی و ناسراویان، باوك و کچ، هەردوویان دەڵێن کە پۆلیس لەم ڕووداوەدا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە و تەنیا ناکۆکییەکی بنەماڵەیی بووە و دەشڵێن کە "میدیا دەرەکییەکان مافی ئەوەیان نییە کە لەم ماجەرایەدا دەخاڵەت بکەن". هەڵبەت ئەمجۆرە نومایشانە لەوە ڕسواتر و بێزراوەترن کە بتوانن کەسی پێ هەڵفریوێنن.

نموونەی دووهەم کە دیسان بە هیمەتی هەواڵنێریی خەڵك بڵاوکرایەوە، ڕۆژی شەممە ٣ی مانگی خەزەڵوەر لە شاری مەشهەد ڕووی دا. ئەو گرتە ویدیۆیەی کە لەم ڕووداوە بڵاوکراوەتەوە پیاوێکی لاو نیشان دەدات کە بە میلەیەکەوە بەستراوەتەوە. پۆلیس لە حاڵێکدا کە سپرێی بیبەری پژاندووەتە دەموچاوی، کوتەك کاری دەکات و دەیداتە بەر باتۆمی بەرقی. لە هەمان حاڵدا پۆلیسەکە پێی دەڵێ: "پێم وتی جنێو مەدە، ئێستا هەر جنێو بدە □". پیاوەکە بە دەستی بەستراوەوە دەکەوێتە سەر عەرز، بەڵام پۆلیس دەست لە لێدانی هەڵناگرن. ئەو لاوە کە ناوی "مێهرداد سێپێهری" بوو، سەرەنجام لەژێر زەربەکانی پۆلیسی جەنایەتکاردا گیانی لەدەست دەدا. پزیشکی قانوونی، هۆکاری مەرگی ناوبراوی، هەلمژینی لەڕادە بەدەری سپرێی بیبەر، ڕاگەیاندووە. ڕۆژنامەی شەرقی چاپی تاران سەبارەت بەم ڕووداوە دەنووسێ:

"لە ماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا ئەمە دووهەمین جارە کە خەڵك لەئاست هەڵسووکەوتی هێزە ئینتزامییەکان نارەزایەتی دەردەبڕن. نارەزایەتیی بەرینی چالاکانی مەدەنی، زیاتر دژبە گەڕاندنی بەناو ئەوباشان بەشەقام و کۆڵانەکاندا و کوتەك کاریی کردنیان لەبەرچاوی خەڵکە. ئەمجارەیان، ئەو گرتە ویدیۆیەی کە بڵاوکراوەتەوە، لە ماوەی ٤٨ کاتژمێری ڕابردوودا، بۆ جارێکی دیکە، دەنگی نارەزایەتیی خەڵکی بەرز کردەوە. ئەوەیکە لەو ویدیۆیەدا بینەر ناڕاحەت دەکات، چەند کەسێکی ئاساین کە بۆ سەیری هەڵسووکەوتی توندی پۆلیس هاتوون و بە بێ تەفاوەتی و خوێن ساردی، سەیری ئەو دیمەنانە دەکەن". هەواڵنێری ئەم ڕۆژنامەیە لە درێژەدا دەنووسێ: "وێدەچێ توندوتیژی لەبەرچاوی خەڵك، بۆ خەڵکیش ئاسایی بووبێتەوە".

بەڵام ئەم دوو نموونەیە کە بیروڕای گشتییان زامدار کردووە، لە هەمان حاڵدا کە دژەمرۆیی و جەنایەتکارانەن، بە هیچ شێوەیەك، وەك ئەوجۆرەی سەرۆکی دەزگای قەزایی باسی لێدەکا، ڕووداوێکی دەگمەن و تایبەت نین. هەروەها بەپێچەوانەی ئەوەیکە "ڕەئیسی" بەڕواڵەت دەیڵێ، ئەو نە تەنیا نیگەرانی "لکەدار بوونی سیمای پۆلیس" نییە، بەڵکوو ڕژیم بەردەوام و بەشێوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو، بە هەموو توانایەوە، هەوڵی داوە کە هەستی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی لەناو هێزە سەرکوتگەرەکانیدا وشك کات، تا ئەوان وەك دیلێکی بێ دەسەڵات، بخەنە خزمەت پاراستنی نیزامەکەیانەوە. ئەگەر ئەوەیکە لە ئابادان و مەشهەد ڕوویان دا، تەنیا دوو نموونە بوون، شێوازی گشتی و ڕەسمی و یاساییەکەی، هەموو ڕۆژێ لە گوشە و کەناری ئێران لەبەرچاوی خەڵك ئەنجام دەدرێ. ئێعدام کردن و شەللاق لێدان لەبەرچاوی خەڵك، توندوتیژیی لەئەنقەست و ڕێکخراوە، بەئامانجی چاوترسێن کردنی خەڵك. کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا، بۆ نومایشی ئەمجۆرە توندوتیژیانە لەبەر چاوی خەڵك، هەم ئامانجی سیاسی هەیە و هەم پاساوی شەرعی. پاساوی شەرعییەکەی ئەو بەشە لە کۆنەپەرستییە کە پایەکانی ڕژیم لەسەری دامەزراوە و ئامانجە سیاسییەکەشی چاوترسێن کردنی جەماوەرێکە کە لێوالێوی تووڕەیی و نەفرەتن دژبەم ڕژیمە.

خەڵك نە تەنیا نابێ لە نومایشی سەرشەقامی لەمجۆرەدا بەشداری بکەن و نابێ بەلای ئەو جەنایەتانەوە کە دوو نموونەی لە ئابادان و مەشهەد ڕوویان دا، بە بێ تەفاوەتی تێپەڕ بن، بەڵکوو پێویستە، لە هەر کوێ کە بۆیان هەڵکەوت دەست لەناو دەستی یەك بخەن و بەکرێگیراوانی ڕژیم بەجۆرێك تەنبێ بکەن کە نەوێرن ئەمجۆرە جەنایەتانە دووپات بکەنەوە. کۆبوونەوەی خەڵك لە دەوری ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە، ئامانجێکە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرنامەی بۆ داڕشتووە. شەللاق خواردن و زەجر کێشانی ئینسانەکان بۆ سەیر کردن نابێ، بەڵکوو پێویستە بارگە و بنەی بەڕێوەبەران و بڕیاردەرانی تێکەوەپێچرێ.

***



# گرانی و کەمبوونی دەرمان لە ئێران و هۆکارە کانی

تەوەری دۆزرانەوەی بارێکی گەورەی دەرمانی قاچاخ لە ئێرانەوە بۆ عێراق، هەموو ڕۆژێ پانتاییەکی نوێ بەخۆی دەگرێ و بەرپرسانی ڕژیم لەمبارەیەوە، دەستیان داوەتە ناتەباوێژی. ڕۆژی یەکشەممە هەواڵگریی سوپای عێراق، بە بڵاو کردنەوەی ڕاگەیەندراوێك باسی لە دۆزینەوەی ١٩ کامیۆنی دەرمانی قاچاخ لە پارێزگای دیالەی عێراقی کرد. ئەم بارە گەورەیە بە شێوەی کاروان و بە ئاشکرا، لە سنووری ڕەسمیی ئێران و عێراق لە ئۆستانی دیالەوە، هاتووەتە خاکی عێراقەوە. کاربەدەستانی ڕژیمی ئێران بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر، پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، بێدەنگییان گرتە بەر. کاتێکیش بێدەنگییان شکاند، سەبارەت بەو مەسەلەیە دەستیان دایە ناتەباوێژی. عەلیرەزا وەهاب زادە، ڕاوێژکاری وەزیری تەندرووستی، لە وڵام بە هەواڵنێری یەکێك لە میدیاکانی ناوخۆ، بە سەرلێشێواویەوە، درۆیەکی وەسەر یەکنا و وتی: "ئەو دەرمانانە دەکرێ بە بێ نوسخەی پزیشك لە دەرمانخانەکان بیانکڕی". بێ پایە بوونی وەها ئیدعایەك ڕوون و ئاشکرایە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ١٩ کامیۆن دەرمان چۆن دەکرێ بە شێوەی وردەفرۆشی، بە نۆسخە و یان بێ نوسخە، لە دەرمانخانەکان بکڕدرێت؟ پاشان جەماڵ ئەرونەقی، جێگری فەننی و کاروباری گۆمرۆکیی ئێران لە وتووێژ لەگەڵ لەگەڵ میدیاکان، بەگشتی حاشای لەو ڕووداوە کرد و وتی: "بە پێی لێکۆڵینەوەی گومرکەکانی سنووریی وڵات، هیچ جۆرە دەرمانێك لە ڕێگەی سنوورە ڕەسمییەکانەوە بۆ وڵاتی عێراق نەنێردراوە". بەڵام یەکێکیتر لە بەرپرسانی گومرکیی ئێران، هەوڵ دەدات ڕێگایەکی دیکە بۆ پاساوی مەسەلەکە بدۆزێتەوە و دەڵێ: "ئامانجی ئەم بارە وڵاتی تورکییە بووە و لە لایەن وڵاتی ئێرانەوە ترانزیت کراوە". بێ ئەساس بوونی ئەو وتەیەش کاتێك ئاشکرا دەبێ کە بزانین تورکییە و عێراق خۆیان سنووری هاوبەشیان هەیە و هیچ پێویست ناکا کە بارێك بە دانی حەقی ترانزیتی زیادی، لە سنوورەکانی ئێرانەوە تێپەڕ بێت و بڕواتە عێراق.

کەوابوو مەسەلەکە ڕوونە، ١٩ کامیۆن دەرمان بە ئاگاداریی بەرپرسانی دەوڵەتی و لە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی، کە کۆنترۆڵی زۆربەی خاڵە گومرکییەکانی ئێران و عێراقیان بەدەستەوەیە، قاچاخ کراوە و ئامانجی ئەم کارەش، وەدەست هێنانی داهات بۆ دەوڵەتی قەیران لێدراوی کۆماری ئیسلامی و دابین کردنی بەشێك لە پێداویستیەکانی حەشدی شەعبی بووە. عێراق وڵاتێکە کە بۆ هاوردە کردنی هەر جۆرە دەرمانێك، لە دەرەوە، هیچ کێشەیەکی نییە. کەوابوو ئەگەر دەرمانی ئێران بە عێراق قاچاخ دەکرێ، دەبێ بە نرخێکی یەکجار هەرزان، درابێتە بازرگانانی حەشدی شە عبی .

هاوردەی دەرمان، بەشێك لە سیاسەتی تەحریمیی دەوڵەتی ئەمریکا نییە. ساڵانێکە کە ناوەند و دەست و پەیوەندەکانی سەربە ڕژیم، ئینحیساری هاوردەی دەرمانیان گرتووەتە دەست. ئەوان بە وەرگرتنی دراو بە قیمەتی دەوڵەتیی هەر دۆلارێك ٤ هەزار و ٢٠٠ تمەن، دەرمان هاوردە دەکەن و پاشان بۆ وڵاتی عێراق هەناردەی دەکەنەوە و بەمجۆرە سوودێکی کەڵان بەدەست دێنن. "دۆزرانەوە"ی ئەم بارە گەورەیە لە عێراق، بۆ توندبوونەوە ناکۆکیی نێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی، کە شەریکی کۆماری ئسیلامین لەو موعامەلە پڕ سوودەدا، لەگەڵ دەوڵەتی مستەفا کازمی دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەم بازرگانییە دژە مرۆییە، لە بارودۆخێکدا ئەنجام دەدرێ کە کەمبوون و گرانیی دەرمان لە ئێران بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. لە ماوەی چەند حەفتەی ڕابردوودا نە تەنیا قیمەتی دەرمان لە ئێران بە شێوەی سەرسووڕهێنەر گران بووە، بەڵکوو ئەو دەرمانە گرانە خارجییانەی کە نەخۆشە تایبەتەکان بەکاری دێنن، وا بەرنامەڕێژی کراوە کە بەدەگمەن وەگیر کەوێ. کەمبوون و گرانیی دەرمان، گوشاری ماڵیی زۆری خستووەتە ئەستۆی نەخۆشەکان و کەم نین ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە بەهۆی هەژاری و کەمبوونی ئیمکاناتی ماڵی، بەناچار، پرۆسەی دەرمان کردنی خۆیان ڕاگرتبێ.

تەندرووستی و دەرمان لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچکات لە ئەولەوییەت دا نەبووە. هەر کاتیش دەوڵەت لەگەڵ کەسریی بوودجە بەرەوڕوو بووەتەوە، بەر لە هەموو شتێك دەستی داوەتە کەم کردنەوەی بوودجەی دەرمان و لابردنی یارانەی دەرمان. هەزینەی لەڕادەبەردەری خزمەتگوزاریی پزیشکی، گران بوونی دەرمانەکان لە پەنا گرانیی سەرسووڕهێنەری باقیی کاڵا پێویستەکانی دیکەی ژیان، تەندرووستی و سڵامەتی گشت کۆمەڵگای بردووەتە خوارترین ئاستی خۆی و بەستێنی چوونەسەرەوەی زیانی گیانی و هاتنەخوارەوەی مامناوەندی تەمەنی مرۆڤەکانی لێکەوتووەتەوە. بە پێی بەراوردەکانی ڕێکخراوی جیهانیی کار، پلەی سڵامەتیی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئسیلامی، لە ناو ١٩٢ وڵاتی جیهاندا، ١٢٣یە. لە ئێران پتر لە ٧٠ لەسەدی هەزینەکانی دەرمان لە لایەن خەڵکەوە دەدرێ. لە ئێران بۆ هەر ٢ هەزار و ٥٠٠ کەس تەنیا یەك پزیشك بوونی هەیە و ئەم ڕەقەمە لە وڵاتێك وەکوو کوبا بۆ هەر ١٧٠ کەس یەك پزیشکە. لە ئێستادا سەرەڕای ویرووسی کۆرۆنا کە لە گیانی مرۆڤەکان بەربووە، بەهۆی توندبوونەوەی هەژاری لەناو کرێکاران و توێژە کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا، بەدخۆراکی و بڵاوبوونەوە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان، ڕێژەی مەرگی پێشوەخت، ڕۆژ بە ڕۆژ چووەتە سەرێ. کەموکوڕیی پزیشکی و دەرمانی و چوونەسەرەوەی قیمەتی دەرمانەکان، خێرایی ئەم پرۆسەیە، زیاتر و زیاتر دەکات.

ئاشکرایە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بە ڕەزایەتی خۆی دەست ناداتە چاکسازی لە بواری تەندرووستی و دەرمان. پێویستە لەم بوارەدا هەموو خواستەکان بەزەبری خەباتی لێبڕاوانە بەسەر ڕژیمدا بسەپێت. خەبات دژبە نیزامی سەرمایەداری، خەبات دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وەك پارێزەری ئەم نیزامە لە ئێران، لەگەڵ خەبات بۆ داسەپاندنی ئەم خواستانە بەسەر ڕژیم، ئاڵقەکانی زنجیری خەباتێکی واحیدن. بێگومان، وەدیهاتنی ئەم ئامانجانە، بە وشیاری و هاوپشتی و ڕێکخستنی خەڵکی چەوساوە و بێبەشەوە، گرێ دراوە.

***



پێشڕەو
ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـەڵە
(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
ئێدیتۆر: ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
Add: Sulimania_Zrguez
Tel: 009647701567854 009647710259353
E-mail: Peshraw@komalah.org
Web: http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail: epi@epiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق
Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات
Tel/Fax: +46-18-46 84 93
E-mail: komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە
Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8
Web: http://www.tvkomala.com/

رادیو کان:
بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاه سەت بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

# سیمای هەژاری لە ئێران و لە جیهان

بە پێی ڕۆژژمێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٧ی ئۆکتۆبر، بەرابەر لەگەڵ ٢٦ی مانگی ڕەزبەر، ڕۆژی نێونەتەوەیی، ڕیشەکێش کردنی هەژاری ناودێر کراوە. پێشینەی ڕۆژی جیهانیی خەبات لەگەڵ هەژاری بۆ ساڵی ١٩٨٧ی زایینی و کۆبوونەوەی نزیك بە ١٠٠ هەزار کەس لە مەیدانی "ترۆکادێرۆ" لە پاریس، دەگەڕێتەوە. ئەم کۆبوونەوەیە بە یادی قوربانیانی هەژاری، برسییەتی، توندوتیژی و سەرکوت و تۆقاندن بەڕێوەچوو و چەندین ساڵ دواتر، کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پەسند کردنی بڕیارنامەیەك لە ساڵی ١٩٩٣دا، ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبری وەك ڕۆژی جیهانیی ڕیشەکێش کردنی هەژاری بەڕەسمی ناسی و بەڕێوەبردنی ئەم ڕۆژەی بە وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە پێشنیار کرد. لە بەڵگەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەژاری بەم شێوەیە وەسف کراوە:

"کەمبوونی داهات بۆ بژێوی پایەدار، برسییەتی و بەدخۆراکی، نەبوونی سەرپەنا و جلوبەرگ، نەخۆش بوون و دەرمان نەکران، بێ سەوادی و مەدرەسە نەڕۆیشتن، لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەژارین. ئەم دیاردەیە، هەروەها، خۆی بە شێوەی نەبوونی توانای بەشداری کردن لە پرۆسەی بڕیاردان لە بوارەکانی کلتووری، کۆمەڵایەتی و مەدەنی نیشان دەدات. هەژاران، گەلێك زیانی کۆمەڵایەتی و بێ عەدالەتییان بەردەکەوێ کە لە ئیرادەی ئەوان بەدەرە".

ڕێکخراوی خۆراك و کشت و کاڵی نەتەوە یەکگرتووەکان (فائو)، بە وەها پێناسەیەك لە هەژاری، یەکێك لە ئامانجەکانی خۆی لەناوبردنی هەژاری و برسییەتی تا ساڵی ٢٠٣٠ ڕاگەیاندووە. ئەم ڕێکخراوە بە دەستکاری کردنی ئامارەکان، باسی لە هاتنەخوارەوەی هەژاری و برسییەتی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کردووە، بەڵام ڕاستییەکان بەجۆرێکی دیکەن. لە ساڵی ١٩٩٣ەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕۆژەی ناودێر کردووە، هەژاری نیسبی و هەژاریی تۆخ و مەودای نێوان هەژاری و سەروەت زیادی کردووە. بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانیی خۆراك، یەك ملیارد و سێ سەد ملیۆن مرۆڤ، کە دەبێتە ٢٣ لەسەدی جیهان، هەر بەو پێوەرانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەژاریدا دەژین. لەو نێوەدا پتر لە ٨٢٠ ملیۆن کەس واتە یەك نۆهەمی جەمعییەتی جیهان، لەگەڵ برسییەتی، بەمانای شەو بەبرسی سەرنانەوە، بەرەوڕووە.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێك لەو وڵاتانەیە کە تێیدا هەژاری بێداد دەکات. بەڵام بۆ بینینی سیمای ڕاستەقینەی هەژاری لە ئێران، هەڵدانەوەی ئامار و زانیاریی بڵاوکراوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کار بە جێیەك ناگەیەنێ. لە باروودۆخێکدا کە کارگێڕانی ڕژیمی ئیسلامی تەنانەت ئاماری قوربانیانی بەڵا سرووشتییەکانیش دەستکاری دەکەن، لە حاڵێکدا کە سەبارەت بە نەخۆشیی کۆرۆنا، بە نهێنکاری و دانی زانیاریی ناڕاست، بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتری ئەم نەخۆشیە، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئاماری واقعیش لەم بوارەدا بدەنە دەر.

هەژاری لە ئێران هەم ڕیشەی لە سیاسەت و هەم لە ئابووریی کۆماری ئیسلامی دایە. لە بواری سیاسییەوە: کۆماری ئیسلامی بە پێداگری لەسەر درێژەی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، بە دەست تێوەردانی لە قەیرانە ناوچەییەکان، بە بەڕێوەبردنی پرۆژەی ئاژاوەخوازانەی ئەتۆمی و مووشەکی، بە تەرخانی کردنی ملیاردها دۆلار بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە ئایینیەکان، هەمووی ئەوانە لە سەر بەستێنی گەندەڵیی جێکەوتووی ماڵی، تریلیۆنها دۆلار لە سەروەتی خەڵکی ئەم وڵاتە و بەرهەمی ڕەنج و کاری ئەوانی بەفیڕۆ دا. لەبواری ئابووریشەوە: بە پەیڕەو کردنی ئابووریی نیئۆلیبڕالیستی، واتە خسووسی سازییەکان، لێدانی سوبسیدەکان و هێنانەخوارەوەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، دەرکردنی هێزی کار و بێکار کردنی بەرینی کرێکاران بە بێ پێدانی بیمەی بێکاری، لابردنی مەزایای کرێکاری وەك حەقی مەسکەن و بیمە دەرمانییەکان، هەمووی ئەوانە لەسەر بەستێنی قەیرانێکی قووڵی ئابووری، لە هۆکارە سەرەکییەکانی چوونەسەرەوەی ئاماری برسییەتین لە ئێران. ئەمڕۆ، پتر لە ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێران، ٤ تا ٥ قات لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەم باروودۆخە بە نۆبەی خۆی، سەرهەڵدانی ئازارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: لەش فرۆشی، تووش بوون بە ماددەی هۆشبەر، زبڵگەڕی، کارتۆن خەوی منداڵانی کار و خۆکوژیی لێکەوتووەتەوە.

دیکتاتۆری و زبر و زەنگ، تەوەرۆم و گرانی، بێکاریی دە ملیۆنی، برسییەتی و هەژاری و ناکۆکیی قووڵی چینایەتیی، جەماوەری ماف پێشێلکراوی کۆمەڵگای وەگیان هێناوە. بێگومان، جەماوەری کرێکار و خەڵکی ئازار چێشتووی ئێران کە پتر لە چوار دەیەیە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕژیمە چەوسێنەر و جەنایەتکارە بۆ باشتر کردنی باروودۆخی کار و بژێوییان خەبات دەکەن، لەم باروودۆخەشدا، هەروا درێژە بە خەباتیان دەدەن. کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراو کە لەژێر گوشارەکانی ژیاندا، کارد بە ئێسقانییان گەیشتووە، ڕێگایەکیان بێجگەلە ئەوە نییە کە بۆ ڕزگاری لەو جەحەنەمەی کە ڕژیمی سەرمایەداری بۆی ساز کردوون، قۆڵی هیمەت هەڵکەن و بە بێ ترس لە سەرکوت و ڕەشبگیری، سەرسەختانەتر و سوورتر لە ڕابردوو، دژبە هۆکار و بڕیاردەرانی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری، نەبەردی چارەنووس سازی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا، بەرەوپێش بەرن.

***

# کۆتایی گەمارۆی چەکوچۆڵ، "مزگێنی" ڕووحانی بۆ خەڵک

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی مانگی ڕەزبەر، ڕووحانی لە دانیشتنی هەیئەتی دەوڵەتدا، بۆ جارێکی دیکە مزگێنیی بە خەڵکی ئێران دا کە ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو، ماوەی دە ساڵەی گەمارۆی چەکوچۆڵ لەسەر کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێدێت. ئەو وتی: "لەوە بەدوا، کەرەستەی نیزامی بە هەر وڵاتێك کە ویسمان دەفرۆشین و لە هەر وڵاتێکیش کە ویسمان، دەکڕین". بەدەر لەوەیکە تەنانەت ئەگەر ئەم گەمارۆیانە هەڵیشوەشێنەوە، کۆماری ئیسلامی تەنیا دەتوانێ کڕیاری چەکوچۆڵ بێت لە وڵاتانی دیکە، نەك فرۆشیار، ئامانجی سەرەکیی ڕووحانی لەو وتانەی، باڵی ئۆسوولگەرای سپای پاسداران و ڕاکێشانی ڕەزایەتی ئەوانە نیسبەت بە خۆی. ئەو وتی "ئەوانەی کە دەڵێن بەرجام بەکار چی دێت، بزانن کە ئەوە یەکێك لە کارەکانی بەرجامە".

ماوەی گەمارۆی چەکوچۆڵ کە لە بڕیارنامەی ٢ هەزار و ٢٣١ی شۆرای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دژبە کۆماری ئیسلامی داسەپێندرابوو، کۆتایی پێدێت، بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە "لە هەموو ئامرازەکانی کەڵك وەردەگرێ بۆ گوشار خستنەسەر باقی دەوڵەتەکان تا گەمارۆی چەکوچۆڵ دژبە کۆماری ئیسلامی دووبارە بکەنەوە و ئەگەریش دەوڵەتێك هەوڵ بدات ئەمجۆرە موعامەلانە لەگەڵ ڕژیمی ئێران ئەنجام بدات، سزای ماڵی دەدرێت". وێدەچێ گوشار و هەڕەشەکانی ئەمریکا زۆرێك لە دەوڵەتەکان، لەوانە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئۆرووپای، لە هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ ئێران، قایمکار کردووە. ئەوان سەرەڕای ئەوەیکە لە شۆرای ئەمنییەت بە پێشنیاری ئەمریکا بۆ دووبارە کردنەوەی گەمارۆی چەکوچۆڵ دژبە کۆماری ئیسلامی دەنگی نەرێنییان دا، لە ئێستادا هەوڵ دەدەن بەهۆکاری دیکە، لەوانە لەژێرناوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژیم، بە خواستی ئەمریکا مەیل نیشان دەن و کۆماری ئیسلامی بۆ سازشێکی هەڵبەت "قارەمانانە" بخەنە ژێر گوشارەوە و ئەگینا لەوانەیە گەمارۆی دیکە بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی. هەر لەم پەیوەندەدا، ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی ڕەزبەر، گوتێرێش، بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕاپۆرتێکیدا، لە ئاست پێشێل کردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژیمی ئێران، چوونەسەرەوەی ڕێژەی سزای ئێعدام بەتایبەت ئێعدام کردنی منداڵان و سەرکوت و توندوتیژی و وڵامی مەرگبار بە نارەزایەتیی خەڵك لە لایەن دەزگای قەهریە و هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی، نیگەرانیی دەربڕی.

حەسەن ڕووحانی چەند مانگ لەمەوبەریش، ڕیاکارانە، "مزگێنیی" کۆتایی گەمارۆی چەکوچۆڵی بە خەڵکی ئێران دابوو. بەڵام لە ڕاستیدا، لە ڕوانگەی جەماوەری خەڵکی ستەملێکراوی ئێرانەوە، کڕینی چەك و کەرەستەی نیزامی لە لایەن ڕژیمەوە نەتەنیا دڵخۆشکەر نییە و بۆ ئەوان هیچ قازانجێکی تێدا نییە، بەڵکوو جێگای نیگەرانی و وەبیرهێنەرەوەی شەڕ و کوژرانی ئازیزانیان، وێرانی، ئاوارەیی و هەژاری و بێکارییە. لە باروودۆخێکدا کە زۆرینەی جەماوەری خەڵکی ئێران لەگەڵ هەژاری و برسیەتی بەرەوڕوون و پێویستیان بە دابین کردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانە لە لایەن دەسەڵاتەوە، ڕاگەیاندنی وەها هەواڵێك، لە لایەن ڕووحانییەوە، لەژێرناوی دەستکەوتی وتووێژی دەوڵەتەکەی لە بەرجامدا، نیشانە ئەوپەڕی بێشەرمییە.

وڵامی ڕووحانی بە نەهامەتیەکانی ژیانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران لە وتەکانی ڕۆژی چوارشەممەیدا، تەنیا ئەوەندە بوو کە: "دەوڵەت هەوڵی خۆی بۆ دابین کردنی دراو و کاڵا پێویستەکانی کۆمەڵگا داوە". ڕژیمی ئیسلامی لە بەرامبەر دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی هەژاری ئێران، هیچ بەرپرسایەتیەك وەئەستۆ ناگرێ. لە باروودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە دابین کردنی کار و پێداویستیەکانی ژیان بۆ خەڵکی ئێران داماو و بێ توانایە و بە ئیعترافی بەرپرسانی ڕژیم ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا بەسەر دەبەن، لە باروودۆخێکدا کە پاشکەوتی سندووقی بەناو "تەوسەعەی میللی"ی ڕژیم بەتاڵە و ئەرزشی پارەی باوی ئێران ڕۆژبەڕۆژ دێتەخوارێ و قیمەتی یەك دۆلار گەیشتووەتە سەرووی ٣٢ هەزار تمەن و ڕژیم تەنانەت بە دانی ملیۆنان دۆلار بە بانکەکانیش، ناتوانێ قیمەتی بازاڕ کۆنترۆڵ کات، چۆن لە بەرامبەر کرێکاران و جەماوەری ستەملێکراوی ئێراندا، وەها بێشەرمانە باس لە کڕینی کەرەستەی نیزامی دەکات و کۆتایی ماوەی گەمارۆی چەکوچۆڵ، لەژێرناوی دەستکەوت و سەرکەوتن، دەرخواردی خەڵك دەدات. لە باروودۆخێکدا کە خەڵکی ئێران گرفتاری پەتای کوشندەی کۆرۆنان و ڕۆژانە سەدان و هەزاران کەس لە ئێران بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە گیانیان لەدەست دەدەن و ئەم ڕژیمە دژە مرۆییە لە دابین کردنی تەختی نەخۆشخانە و ئۆکسیژێن و کەرەستەی پزیشکی و تەندرووستی بۆ خەڵك داماوە، چۆن لەوپەڕی بێشەرمیدا، باس لە کڕینی کەرەستەی نیزامی بۆ درێژەی شەڕ و کوشت و کوشتاری خەڵکی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە دەکات. خەڵکی ئێران پێویستیان بە کەرەستەی نیزامی نییە. لە باروودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ پارەی سەرچاوەگرتوو لە فرۆشی نەوت وەرگرێت و ڕایدەگەیەنێ کە پتر لە چل ملیارد دۆلار لە سەرچاوە دراوییەکانی ئێران لە وڵاتانی دیکە بلۆکە بووە، بۆچی دەبێ بۆ درێژەی سیاسەتی زێدەخوازانە و شەڕەنگێزانە لە ئاست ناوچەکە و چەکدارکردنی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامیەکان لە لۆبنان و سووریە و عێراق و یەمەن، خوازیاری کڕینی کەرەستەی نیزامی لە چین و ڕووسیە بن. کۆتایی ماوەی گەمارۆی چەکوچۆڵ، ئەگەر بۆ ڕووحانی و باقی سەرانی ڕژیم ئاواتە و بۆ فرۆشیارانی کەرەستەی نیزامی دڵخۆشکەرە، بۆ کرێکاران و جەماوەری ستەملێکراوی ئێران، هەواڵێکی تاڵە. لەبەر ئەوەیکە هەزینە ئەم کردەوەیە بەسەر سفرەی ئەواندا دادەسەپێندرێ و پانتایی هەژاری و برسیەتی بەرینتر دەکاتەوە و نائەمنی و کوشتاری زیاتر بۆ خەڵکی ئێران و ناوچەکە، بەدوای خۆیدا دێنێت.

حەسەن ڕووحانی، ئەو مۆرە بێ شەرم و جەنایەتکارە ئەمنییەتیەی ڕژیمی ئیسلامی، درۆزنێکە و هیچیتر. ئەو کە بە کلیلی چارەسەر کردنی کێشەکانی خەڵك و پێکهێنانی دەوڵەتی تەگبیر و هومێد و وادە و بەڵێنیی پووچ و بێ بنەما هاتە مەیدان، ٨ ساڵی دیکەی لە ژیان و گوزەرانی جەماوەری خەڵکی ئێران بەفیڕۆ دا و بە بەکارهێنانی دەزگای ئەمنی و زیندان و ئەشکەنجە، بە گەندەڵی و دزیی کەلانی ڕێبەران و سەرانی کۆماری ئیسلامی درێژەی بەخشی. ڕێگای ڕزگاریی جەماوەری خەڵکی ستەملێکراوی ئێران تەنیا لە مەسیری ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕژیمە کۆنەپەرستەی سەرمایەدارییەوە، تێپەڕ دەبێت.

***



# ڕۆژی خوێندکاران، بە ڕەوایەتی شۆڕش و دژە شۆڕش



ڕۆژی سێ شەممە ١٣ی مانگی خەزەڵوەر، ڕۆژی خوێندکارە، ئەو ڕۆژەی کە پێشینەکەی بۆ مانگەکانی کۆتایی ڕژیمی پەهلەوی دەگەڕێتەوە. بەڵام ١٣ی خەزەڵوەر لە سەردەمی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چەندین بۆنەی دیکەشی پەیدا کردووە، کە هەموویان ناوی خوێندکاریان لەسەر داندراوە. بەڵام جیاوازیی نێوان ئەو بۆنانەی کە بەناوی ڕۆژی خوێندکار، لە ڕۆژی ١٣ی مانگی خەزەڵوەردا بەڕێوەدەچێت، لەڕاستیدا، جیاوازیی نێوان ڕیزی شۆڕش و دژە شۆڕشە لە ئێران.

بۆنەی یەکەم: ڕۆژی ١٣ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و لە سەروبەندی سەرکەوتنی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵك، ژمارەیەك لە خوێندکاران لە حەساری زانکۆی تاران کۆبوونەوە و وێرای دانشجوەکانی زانکۆ دەستیان دایە خۆپیشاندان. هێزە نیزامییەکانی دەوڵەتی "شەریف ئیمامی" بەرەوڕووی خۆپیشاندەران تەقەیان کرد و بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران گیانیان لەدەست دا. دەوڵەتی شەریف ئیمامی کە هەمان ساڵ لە ڕێکەوتی ١٧ی خەرمانان لە مەیدانی ژاڵە کوشتارێکی خوێناویی وەڕێخستبوو، ڕۆژێك دوای کوشتنی خوێندکاران لە زانکۆی تاران، لەسەر کار لاچوو. پاش ڕووداوی خوێنینی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٧، ئەو ڕۆژە بە "خوێندکار قوتابی" پێناسە کرا.

بۆنەی دووهەم: یەك ساڵ دواتر پاش کارەساتی خوێناویی زانکۆی تاران، ڕێك لە وەها ڕۆژێکدا لە هەوڵێکی ڕێکخراو لە لایەن حیزبوڵڵاییەکانی پەیڕەوی خومەینی، باڵۆیزخانەی ئەمریکا لە تاران داگیر کرا و ٥٢ دیپلۆمات و کارمەندی باڵۆیزخانەکە بە بارمتە گیران. ڕێکخەرانی نومایشی فریوکارانەی داگیر کردنی باڵۆیزخانەی ئەمریکا، بەو کردەوەی خۆیان کە نزیك بە ساڵ و نیوێکی خایاند، باڵۆیزخانەی داگیرکراوی ئەمریکایان کردبە ناوەندی ڕاگەیاندنی سیاسەتی دەسەڵاتی دژە شۆڕشی سەرانی ڕژیم. داگیرکردنی باڵۆیزخانەی ئەمریکا کە ئەساسەن بە فەرمانی خومەینی بەڕێوەچووبوو، بەهۆی ئەوەیکە دەور و نەخشێکی گرینگی لە پاشەکشە پێکردن بە ڕەوتە چەپ و ڕادیکاڵەکان و سەرکوتی شۆڕش هەبوو، خۆمەینی ناوی "ئینقلابی دووهەمی" لەسەر دانا. بەڵام لە ڕاستیدا ئینقلابی دووهەم جگە لە درێژەی سەرکوتی شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆنەپەرستانی ئیسلامییەوە، شتێکیتر نەبوو. دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" کە لەم ڕۆژەوە زیاتر کەوتە سەر زاری حیزبوڵڵاییەکان، بوو بە بیانوویەك بۆ کپ کردنی دەنگی هەموو نەیاران. لەم ڕۆژەوە بەرەو ئەملا، دار و دەستەی هاندراوی حیزبوڵڵا کەوتنە گیانی کۆمۆنیستەکان و هەموو ئینسانە ئازادیخواز و سکۆلارەکان و دەستیان کرد بە لێدان و کوشتن و برین. ئەم ڕووداوە دەستپێکی سەرکوتی شۆڕشی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران لە لایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرستی زاڵەوە بوو. شۆڕشێك کە ڕژیمی شا نەیتوانیبوو سەرکوتی کات، پاش ڕووداوی داگیرکردنی باڵۆیزخانەی ئەمریکا، سەرکوتەکەی بە شێوازێکی وەحشیانەتر لە لایەن ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتۆوە بەڕێوەچوو. زۆرێك لە ڕێکخەرانی ئەوسەردەمی داگیرکردنی باڵۆیزخانەی ئەمریکا، دواتر بوون بە دامەزرێنەرانی سپای پاسداران و دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕژیم و ئەشکەنجەگەر و زیندانبان.

بۆنەی سێهەم: لە ١٣ی مانگی خەزەڵوەری ١٣٨٨ی هەتاویدا کە نزیك بە ٥ مانگ لە ڕاگەیاندنی ئاکامی ١٠مین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تێپەڕ ببوو، بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی خوێندکار، خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوەچوو کە لە ڕاستیدا نارەزایەتییەك بوو دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دەسەڵات گەیشتنی ئەحمەدی نەژاد لە ڕێگەی ساختەکاریی بەرینی هەڵبژاردنەوە. ئەگەرچی ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕادراو لە دەسەڵات، هەوڵی دەدا کە لاوان لە هەرجۆرە حەرەکەتێك دژبە گشت ڕژیمی ئیسلامی بەدوور بگرن، بەڵام لاوان بە درووشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" دەستپێشخەری و هیدایەتی ئەم خۆپیشاندانەیان بەدەستەوە گرت.

بۆنەی چوارەم، ڕۆژی بەسیجی دانش ئاموزی: کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕۆژەی بەیادی منداڵێکی قوربانی بەناوی "حسێن فەهمیدە"، ناو لێناوە. فەرماندەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ڕۆژی ٨ی خەزەڵوەری ساڵی ٥٩ی هەتاویدا، ئەم منداڵە قوتابییەیان، لە عەمەلیاتێکی خۆکوژیدا، لە حاڵێکدا کە نارنجۆکیان بە نێوقەدییەوە بەستبوو، نارده ژێر تانکە عێراقییەکانەوە. ئەم منداڵە بێ تاوانە، کە لە کاتی تیکە تیکە بوونیدا، لە کوتی شێخ، لەوبەری ڕووباری خورەمشار، تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵ بوو، پێش قەڕەوڵی ئەو ٣٦ هەزار قوتابییە بوو کە دواتر لە لایەن سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئسیلامی وەك خاوێنکەرەوەی مەیدانەکانی مین و لە ئۆپراسیۆنی هاوشێوەدا، لە شەڕی ئێران و عێراقدا کرانە قوربانی. لە بەرامبەر هەوڵەکانی ڕژیم بۆ بەرینتر کردنەوەی سازمانی بەسیجی دانش ئامووزی و بەکار هێنانی ئەوان بەئامانجی پۆلیسی کردنی ناوەندەکانی فێرکردن، ئەمڕۆ بە هیمەتی خوێندکارانی پێشڕەو و خەباتکار و موعەلیمانی ئازادیخواز، پڕۆژەی بەسیجی دانش ئاموزی، لە سازمانێکی فۆرماڵ بۆ ڕاکێشانی قوتابییان بەرەو نومایشەکانی سەرشەقامی ڕژیم، زیاتر نییە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا، لە پێناو وەدی هێنانی ئامانج و پڕۆژەکانی خۆی لەناو خوێندکارانی ئێراندا، بەردەوام هەوڵی داوە تا بە بەڕێوەبردنی بەرنامەی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ناوەندەکانی فێرکردن، بە گۆڕینی ناوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان و لابردنی هێندێك لە دەرسەکانی زانستی مرۆیی لە زانکۆکان، بە ناردنی ئاخوند و پاسدار بۆ مەدرەسەکان، بە پادگانی کردنی مەدرەسە و زانکۆکان و بە خولقاندنی هەمووجۆر بەربەستێکی ئەخلاقی، لاوان ناچار بە ملکەچی و بێدەنگ بوون بکات. بەڵام لاوانی ئێران لە زانکۆ و مەدرەسەکان و لە دەرەوەی ئەم ناوەندانە، بە خەباتی شکۆداری خۆیان، بەردەوام یەکێك لە سەنگەرەکانی موقاوەمەت لە بەرامبەر کۆنەپەرستیی کۆماری ئسلامی بوون و ئەم سیاسەتانەی ڕژیم بێ ئاکام ماونەتەوە.

بەدەر لە هەوڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ زەوت کردنی بۆنەی ڕۆژی خوێندکار، ١٣ی مانگی خەزەڵوەر بۆ قوتابییان و خوێندکارانی خەباتکار، وەبیرهێنەرەوەی گیانفیدایی ئازیزانێکە کە لە بەرامبەر هەر دوو ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی ئیسلام و پاشایەتی دا، سینگیان کردە قەڵغان و شان بە شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، دژبە کۆنەپەرستیی زاڵ و لەپێناو دەستەبەر کردنی ئازادی، گیانبازییان نواند.

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 412- NOV. 2020
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# ساڵیادی گیان بەختکردنی هاوڕێ دوکتور جەعفەر شفیعی



ڕوژی چوارشەممەی ، ڕێکەوتی ٧ی مانگی خەزەڵوەر، ٣٣مین ساڵیادی گیان بەختکردنی هاوڕێ خۆشەویست دوکتور جەعفەر شفیعی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کمونیستی ئێران و کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە یە. ئەم ئازیزە هەر بەتەنیا خۆشەویستی ناو ریزەکانی تەشیکلات نەبوو. بەڵکوو رابەر و کەسایەتی جێی متمانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خۆشەویستی ناو بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی خەڵکیی کوردستان بوو.

هاوڕێ دوکتور جەعفەر شەفیعی کادری کارامە و رابەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە ساڵی ١٩٥١ی زایینی لە شاری بۆکان لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و دەبیرستانی هەر لەو شارە تەواو کرد. ساڵی ١٩٧٠ چووە دانیشکەدەی پزیشکی لە دانیشگای تەورێز.

هاوڕێ جەعفەر زۆر زوو دەستی دایە تێکوشان لە نێو ریزی بزووتنەوەی خوێندکاراندا لەدژی خەفەقان و ئیستبدادی رژیمی شا. هەر لەم دەورەیەدا لەگەڵ ئەدەبیاتی مارکسیستی ئاشنا بوو. بزووتنەوەی خوێندکاران، یەکەمین مەیدانی خەباتی سیاسی هاوڕێ جەعفەر بوو. لە ماوەیەکی کورت دا بووە یەکێك لە تێکۆشەرانی هەڵسووڕاوی ئەو بزووتنەوەیە لە شاری تەورێز.

هاوڕێ جەعفەر هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ هاوڕێیانی تەشکیلاتی کۆمەڵە پەیوەندی گرت و هەروەها لە ماوەیەکی کورت دا گەلێك پەیوەندی نزیك و هاوڕێیانەی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری تەورێز و شار و دێهاتی کوردستان، کە هاتوچۆی نەخۆشخانەکانی تەورێزیان دەکرد، پێکهێنا. هاوڕێ جەعفەر لە دەورانی دانشجوییدا لە تەورێز توانی لەنێو کرێکارانی کەفاش و قاڵیچن و کرێکارانی ماشێن سازی تەورێزدا گەلێك پەیوەندی سیاسی و خەباتکارانە پێك بێنی. لە ئەنجامی ئەم هەوڵ و تێکۆشانەدا، بوو بە یەکێك لە رێبەرانی تێکۆشانی سیاسی - تەشکیلاتی کۆمەڵە لە نێو کرێکاران دا لە شارەکانی بۆکان و تەورێز.

ساڵی ١٣٥١، "ساواك" هاوڕێ جەعفەری دەستگیر کرد و دوای ٦ مانگ لە زیندان لەژێر فشار و زەختی ئەشکەنجەش سەربەرزانە هەر وەك لێی چاوەڕوان دەکرا، هاتە دەر. هاوڕێ جەعفەر هیچکام لە نهێنییەکانی کۆمەڵەی نەدرکاند و هەموو دۆستانی تێکۆشەر و هاوڕێیانی تەشکیلاتی خۆی پاراست. هەر کە لە زیندان هاتە دەر، ئەرکی خەباتکارانە و شۆڕشگێرانەی خۆی درێژە پێدا. ئەمجار ئیتر نەك پزیشکی، بەڵکوو دەستی دایە کرێکاری. دەورانی کرێکاریی بۆ هاوڕێ جەعفەر کە شۆڕشگێڕێکی خاوەن تەجروبەی ریزەکانی کۆمەڵە بوو، خۆی دانیشگایەکی تر بوو. هاوڕێ جەعفەر لەو ماوەیەدا توانی وەك کرێکارێك هەموو سەختی و دژوارییەکانی کاری قورس و تاقەت پروکێن، مەحرومییەت و بێ بەشی و بێ مافی و ژێردەستەبوون و چەوسانەوە بچێژێ. هاوڕێ جەعفەر لەو ماوەیەدا فێر بوو هەموو شتێك بەچاوی کرێکارێك چاو لێ بکا و بە واتایەکی تر، هاوڕێ جەعفەر لەم دەورەیەدا بەکردەوە کرێکارێکی کومونیست بوو. هاوڕێ جەعفەری شەفیعی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی بۆ مەئمورییەتێکی تەشکیلاتی چوو بۆ لای یەکێتی نیشتمانی بۆ کوردستانی عێراق و بەناوی "دوکتۆر عەزیز" یارمەتی ڕە ریان بوو. لەو ماوەیەدا کە لە کوردستانی عێراق بوو، هەموو هێز و توانا و زانستی پزیشکی خۆی لە خزمەت خەباتی پێشمەرگانەدا لە رۆژانی سەختی ئەو دەوریەدا بەکار هێنا. کاتێك خەباتی جەماوەری خەڵك لە دژی رژیمی شا پەرەی گرت، گەڕایەوە بۆ کوردستانی ئێران و وەك رێبەر و رێکخەری خەباتی جەماوەریی، دەوری شیاوی خۆی نواند. دوای هەڵگیرسانی موقاوەمەتی شۆڕشگێڕانە لە هاوینی ساڵی ١٣٥٧ دا، هاوڕێ جەعفەر ئەرکی رێبەریکردن و رێکخستنی خەباتی جەماوەری خەڵکی بەباشی بەڕێوەبرد.

لەو دەورەیەدا هاوڕێ جەعفەر لە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی سیاسی و جەماوەری دا وەك رێبەرێکی لێهاتوو، خۆی نیشان دا و لە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورددا کاتی وتووێژ لەگەڵ دوژمن، هاوڕێ جەعفەر وەك نوێنەرێکی جەسوور و بەرچاوڕوونی پارێزەری بەرژەوەند و مەسڵەحەتی کرێکاران وزەحمەتکێشان، بەشداری کرد. هاوڕێ جەعفەر لەساڵی (١٣٥٨ی هەتاوی) هەتا کۆتایی ژیانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو. هاوڕێ جەعفەر بە هەموو توانایەوە لە پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا بەشدار بوو. هاوڕێ جەعفەر ئەندامی کومیتەی بەرپاکردنی کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیست و یەکێك لە ئەندامانی ئەو کۆنگرەیە بوو، وە لە سەرەتای پێکهاتنی حیزبەوە هەتا کۆتایی ژیانی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بوو. لە ساڵی ١٣٦٠ بەم لاوە هاوڕێ جەعفەر بەشی هەرەزۆری تێکۆشانی تەشکیلاتی لەوانە ئەرکی بەڕێوەبردنی گۆڤار و بڵاوکراوەکان، رادیۆ و باقی ئۆرگانە تەبلیغییەکانی کۆمەڵەی لە ئەستۆ بوو. بە داخێکی گرانەوە رۆژی ٧ی مانگی گەلارێزانی ساڵی ١٣٦٦ ی هەتاوی لە جەریانی مەئموریەتێکی تەشمیلاتی بۆ بەشداری کردن لە کۆبونەوەیەکی حیزبی لە حالێك دا کە بەرەو دەرەوەی وڵات بەرێوە بوو، لە نزیك شاری تکریت لە عیراق بە هۆی تەسادوفی ماشین گیانی بەخت کرد. لە ٣٣ هەمین الیادی ئەو روداوە دڵتەزینەدا یادی دەکەینەوە و دەرس و ئەزمونەکانی ژیان و خەباتی چرای رێنوێنی رێگامانە.

***

دواستون

## مەڕۆنە سەیری نومایشە دژە مرۆییەکانی ڕژیم!

نومایشیدژە مرۆیی گەڕاندنی تاوانباران لە ئاستی شارەکان و بەتایبەت لە گەڕەکەکانی شوێنی ژیانیان، کە ماوەیەك بوو بەڕێوەنەدەچوو، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لە چوارچێوەی گەلاڵەی دژە ئینقلابیی "ئەمنییەتی مەحەلە میحوەر"، بۆ جارێکی دیکە دەستپێکردووەتەوە. لەو نومایشە قیزەونەدا، کەسانێك لەژێرناوی "ئەرازێل و ئەوباش" بێڕێزی و سووکایەتییان پێدەکرێت و لە بەرچاوی خەڵك دەدرێنە بەر شەللاق. هێزە ئینتزامیەکانی تاران، ڕۆژی سێشەممە ١٥ی مانگی ڕەزبەر، کەسێکیان بە شەقامەکانی شاردا گێڕا و میدیاکانی ئێران ئەویان بە "شەڕەنگێزی گەڕەکی مۆشیریە" پێناسە کرد. لەو گرتە ویدیۆیانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوکراونەوە، هێزە ئینتزامییەکان دەبیندرێن کە سواری ئۆتۆمبێل و بە ڕووپۆشەوە لە پەنا کەسەکە ڕاوەستاون و لە سەر و چاوی دەدەن. جەمعیەتێکیش خەریکی تەماشا کردن و گرتنی ویدیئۆن. بەر لەوەش، نۆمایشێکی لەم چەشنە لە ڕەشت بەڕێوەچووبوو و هێزە ئینتزامیەکان چەندین کەسیان لە ئاست شاردا گێڕابوو. بە پێی ڕاپۆرتەکان، ئەمجۆرە نومایشانە لە چەندین شوێنی دیکەش بەڕێوەچووە. سیاسەتی خولقاندنی ترس و تۆقاندن لەناو کۆمەڵگادا کە ڕژیم بەم کردەوانەی، بەدواوەیەتی، سیاسەتێکی شکست خواردوویە. کۆماری ئیسلامی هەرچەند بیهەوێ لاوازی خۆی لە ڕێگەی هێزنواندنی درۆیینەوە، لە خەڵك بشارێتەوە، زۆربەی خەڵکی ئێران بە وردبینی و وشیاریەوە، بەم ڕاستییە دەگەن. خەڵك باش دەزانن کە ئەم ڕژیمە، بەهۆی خەباتی ئەوان، بەهۆی قەیرانی ئابووری و سیاسی و بەهۆی پەراوێز کەوتنی نێونەتەوەیی، لاواز بووە و تەنانەت نفووزیشی لەسەر ڕەوتە کۆنەپەرەستەکانی ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست داوە. خەڵك بۆیان دەرکەوتووە کە هاوسەنگیی هێز بە قازانجی ئەوان گۆڕاوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئامانجی ڕژیم لە وەڕێخستنی ئەمجۆرە نومایشانەی سەرشەقام چییە؟

لە ڕاستیدا، کۆماری ئیسلامی بە باشی دەزانێ کە لەسەر چ گڕکانێك لە تووڕەیی خەڵك ڕاوەستاوە و هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی سەرهەڵدانی نارەزایەتیی بەرینی کۆمەڵایەتییە لە هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتە. کەوابوو وەك هەوڵێکی بەرگرانە، بەخەیاڵی خۆی، دەیهەوێ هێز و توانای خۆی بەمجۆرە نومایشە بێزراوانە، بە ڕووی خەڵك دابدا. ڕژیم بە بەڕێوەبردنی گەلاڵەی "ئەمنییەتی مەحەلە میحوەر"، بەنیازە لەژێر ناوی "بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەرازێل و ئەوباش" واتە کەسانێك کە بەرهەمی هەر ئەم ڕژیم و کلتوور و نیزامەن، بارگە و بنەی سەرکەوتگەریی خۆی لە هەموو گۆشە و کەناری ئێران بڵاوبکاتەوە. کۆماری ئیسلامی بە دەستبەسەرکردنی ئەم قوربانییانەی نیزامی سەرمایەرداری و دواکەوتوویی ئیسلامی و گەڕاندنی ئەوان لە سەر شەقامەکان و سووکایەتی پێکردنییان، لە ڕاستیدا، سووکایەتی بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکات. ئامانجی وەها هێزنواندنێکی درۆیین، هیچ شتێك نییە بێجگەلە توند کردنەوەی کەش و هەوای سەرکوت لە ئاستی کۆمەڵگادا.

ئەم هێز نواندنە درۆیینە، شێوازی جۆراوجۆری دیکەشی هەیە. بۆ نموونە، دەتوانین ئاماژە بە تاقی کردنەوەی مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین. ڕژیم، هەر چەند وەخت جارێك، ژمارەیەك مووشەك لە بیابانەکانی ئێران تاقی دەکاتەوە. ئاشکرایە کە ئەمجۆرە نومایشانە بۆ ترساندنی ئەرتەشی ئەمریکا و زلهێزە جیهانییەکان نییە، چونکە هەموویان دەمێکە تێکنۆلۆژیی کۆن و دواکەوتووانەی ئەمجۆرە چەکانەیان شناسایی کردووە و شێوازەکانی پووچەڵ کردنەوەیان دۆزیوەتەوە. ئەمجۆرە نومایشانە لە ئاستێك دا نین کە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا لە هێز و توانای نیزامیی کۆماری ئیسلامی بترسێنێ، لێرەشدا ئامانجی ڕژیم هیچ شتێك نییە بێجگەلە ئەو خەڵکەی ژێر دەسەڵاتی کە چاو لە تێلێویزیۆنەکان دەکەن و ئەم دیمەنانە دەبینن.

کاتێك بەندکراوێك بە زەبری ئەشکەنجەی وەحشیانە، دێننە بەر شاشەی تێلێویزیۆن و وتووێژی لەگەڵ دەکەن، هیچ گومانێکیان نییە کە هەمووان ماهییەتی ڕاستەقینەی نومایشی ئیعتراف وەرگرتنی تێلێویزیۆنی دەناسن. کەوابوو ئامانجی واقعییان، نە تەبلیغ و فریو، بەڵکوو هێزنواندن و چاوترسێن کردنە. ئەوان لەم ڕێگەوە بەنیازن، توانای خۆیان لە تێکشکاندنی ئیرادەی مرۆڤەکان، نومایش بدەن. لە هەمووی ئەم نومایشانەدا، ئامانجەکە، جەماوەری خەڵکە. قەرارە ئەوان ناچار بە تەسلم و ملکەچ بوون و سەردانەواندن بکەن. ئەوان بەم جۆرە نومایشانە بەنیازن سووکایەتی بە خەڵك بکەن و نیشانی بدەن کە گۆیا ئەم ڕژیمە هەر کارێك کە بیهەوێ، لەدەستی دێ.

کاتێك کە خەڵك، لەوانە منداڵ و پیر و لاو، دەکێشنە پای تەماشای دیمەنێکی ئێعدام، ئامانجیان نومایش دانی بەڕێوەبردنی ئەم بەناو عەداڵەتە نییە، بەڵکوو لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، هەموو ئەو خەڵکەی هاتوون و سەیری ئەم دیمەنانە دەکەن، دوژمنی ڕژیم بەئەژمار دێن، کەوابوو دەبێ چاوترسێن بکرێن. کاتێك مەسەلەکە تا ئەو ڕادەیە ڕوونە، کەوابوو پێویستە، بەکاری وشیارانە، ئەمجۆرە نومایشانە بێ ڕەونەقتر کەین. پێویستە بە خەڵك بوترێ کە نەبنە ئامرازی ڕەونەق بەخشین بەم جۆرە هێزنواندنانەی ڕژیم. ئەوان دەبێ بزانن کە ئامانجی ئەم نومایشانە، خۆیانن. ئامانج ئەوەیە کە ئیرادە و متمانەبەخۆیی هەر ئەم خەڵکەی کە دێنە سەیری ئەمجۆرە نومایشانە، تێکبشکێنن و ناچار بە ئەنجامی کارێکیان بکەن کە هەگیز لە دڵەوە خوازیاری نین. ئەگەر ئەم ڕژیمە لە چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی جیهان دەرسی وەرنەگرتووە و چارەنووسی حەتمیی خۆی نەناسیوە و لە بێ ئاکام بوونی ئەم شێوازانە، لە درێژماوەدا، تێنەگەیشتووە، جەماوەری خەڵك کە ئامانجی ئەم نومایشانەن، نابێ ڕێگە بدەن کە ئەم ڕژیمە دیکتاتۆرە، بەم نومایشانەی، چەند ساتێکی دیکە بە تەمەنی نگریسی خۆی زیاد بکات.

***